# دایکم مردوو، ڕۆژووی یەک مانگی لەسەر بوو کە دەبوو بیگرێتەوە، ئایا لە جیاتی ئەو (ڕۆژووی ئەو ڕۆژانەی بۆ) بگرمەوە؟ فەرمووی: ئەگەر قەرزێک لەسەر دایکت بووایە ئایا بۆیت دەدایەوە؟ ووتی: بەڵێ، فەرمووی: قەرزی خودا شایستەترە کە بدرێتەوە

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ووتی: دایکم مردوو، ڕۆژووی یەک مانگی لەسەر بوو کە دەبوو بیگرێتەوە، ئایا لە جیاتی ئەو (ڕۆژووی ئەو ڕۆژانەی بۆ) بگرمەوە؟ فەرمووی: ئەگەر قەرزێک لەسەر دایکت بووایە ئایا بۆیت دەدایەوە؟ ووتی: بەڵێ، فەرمووی: قەرزی خودا شایستەترە کە بدرێتەوە». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دایک مردوو وڕۆژووی نەزری لەسەر بوو (کە دەبوو بیگرێتەوە)، ئایا من لە جیاتی ئەو (ئەو ڕۆژووە) بگرم؟ فەرمووی: ئەگەر قەرزێک لەسەر دایکت بووایە وتۆ قەرزەکەت بدایەتەوە، ئایا قەرزەکە لە جیاتی ئەو دراوەتەوە؟ (ئافرەتەکە) ووتی: بەڵێ. فەرمووی: لەجیاتی دایکت (ئەو ڕۆژووە) بگرە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سەبارەت بە ئەم فەرموودەیە دوو گێڕانەوە هەیە، وا دیارە دوو ڕووداوە نەک یەک دانە بێت، یەکەم: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ووتی دایکم مردووە، وڕۆژووی یەک مانگی لەسەر بووە کە دەبوو بیگرێتەوە، ئایا لە جیاتی ئەو (ڕۆژووی ئەو ڕۆژانەی بۆ) بگرێتەوە (لە جیاتی ئەو قەزا بکاتەوە)؟. دووەم: ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- و پێی ووت کە دایکی مردووە وڕۆژووی نەزری لەسەر بوو (کە دەبوو بیگرێتەوە)، ئایا لە جیاتی ئەو (ئەو ڕۆژووە نەزرە) بگرێتەوە؟، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە هەردوو حاڵەتەکەدا فتوای ئەوەی بۆیان دا کە دەبێتە ڕۆژووەکان بگرنەوە لە جیاتی دایک وباوکیان، پاشان نموونەیەکی بۆیان هێنایەوە بۆئەوەی زیاتر لە ماناکە تێبگەن وڕوونتر بێت، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر قەرزێک لەسەر دایکت وباوکیان بێت کە لە مرۆڤێک قەرزیان کردبێت، ئایا قەرزەکە لە جیاتی ئەوان دەدەنەوە؟ ووتیان: بەڵێ. پێیانی فەرموو: ئەم ڕۆژووە قەرزی خودایە لەسەر دایک وباوکیان، ئەگەر قەرزی مرۆڤ دەبێت بدرێتەوە، ئەوا قەرزی خودا شایستەترە بەوەی کە بدرێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4531